# چێنەری پەیکەرساز
# شەیدابوونی هونەرەکەی کلیلی سەرکەوتنیەتی

ئەحمەد سالار



بەرهەمی هونەرمەند ناسنامەی هونەرمەندە، دەتوانم بڵێم سەرجەمی لایەنەکانی کەسایەتی هونەرمەندەکەیە.

بەرلەوەی بەدیداری کاکە چێنەری پەیکەرساز شادبم، چەند بەرهەمێکیم بینیبوو، دیارە جوانیان فەرمووە، هونەری ڕەسەن، خۆی دێتە گۆ و، پێویست بە باسکردن ناکات و، هەتا لێشی وردبیتەوە، پتر سەرنجی بدەیت، ئەوە پتر دەبینیتەوە و زیاتر لێی تێدەگەیت و بەدڵ و گیان ئاشنای دەبیت.

لەبەرهەمەکانیەوە، پاشان لە مامەڵەکردن لە تەکیا، مامەڵەکردنێك بۆ نزیکەی ساڵێك دەچێ، مامەڵەش کورد واتەنی ((سەنگی مەحەکە))،

بۆیە ئەگەر بپرسین : چۆن کاکە چێنەری پەیکەرساز پێناسەدەکەی؟ بەبێ سێ و دوو دەڵێم : شەیدای هونەرەکەیەتی، شەیدا تاسەر ئیسقان، ئەوە کلیلی سەرکەوتنیەتی، پاشان ئارام و خۆراگرو کۆڵنەدەرە، ئەوە نیشانەی هەڵکشانی هونەرمەندێکە، کە بیەوێت گرەوی بەختی هونەرەکەی بباتەوە.

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، هەر هونەرمەندێ خەم و خولیای باڵابوونی بووبێ، لەگەڵ هەر هەڵکشانێکدا ئەگەر گەزێ باڵا بوون بووبێ، نەیارانی هەوڵی سەد گەز دابەزینیان داوە، نیچە گوتەنی: (( چەند بەرز بینەوە لەچاوی ئەو کەسانە بچووك دەبینەوە کە ناتوانن بفرن))، بەڵام کاتێ هونەرمەندەکە بڕوای بەڕەوایی هونەرەکەی و پەیامە پیرۆزەکەی بووبێ، لە هەوڵ و هەڵپەی بەردەوامیەکەی بە موو لای نەداوە، لایەنێکی دیکەی جوانی نوێنی کاکە چێنەر، ئەو ڕێزە بەرزەیەتی، کە دیارە ڕێزگرتنی بەشیرەوە نۆشیوە، دەستخۆشی لە پەروەردەکار و مامۆستایانی دەکەم، بەراستی کلۆیەکە لە هەستی پاکژ و دەروونی روون و بێ گەرد.

لەسەرەتای سەرهەڵدانی خولیایی دروستکردنی پەیکەرەکەمدابوو، تەلەفونی بۆ کردم، حەزدەکات چەند وێنەیەکی فۆتوگرافیم بگرێ، ئەوەبوو، لەبارەگای شانۆی سالار لە سلێمانی یەکتریمان دییەوەو، پتر لە بیست فۆتۆگرافی لە هەر چوار لاوە گرت و هەر هەمووی لەسەرو سینەوە بوو، چونکە بۆ مەبەستی پۆرتریت بوو، پاش ماوەیەك لەسەر دوای خۆی سەردانم کرد، کە لە یەکەم هەنگاویدا بوو، تەنانەت لە هاوەڵێکم پرسی: رات چییە؟ وتی: هەر خۆتی و بەڵام بەقوڕ. وتم: ئافەرین کاکە گیان، مرۆڤ لە قوڕدروستکراوە و ئاکامیشی هەر بە قوڕبوونە، ئەوە من لەبری دووجار سێ جار دەبمەوە بە قوڕ، هەرچۆن ((مەولانا جەلالەدینی رۆمی)) لەورامی پرسیارێکەوە: بۆ کوێ دەچی؟ دەفەرموێ: (لە خاکەوە هاتووم و هەر بۆخاك دەگەڕێمەوە.

ویستم باری سەرنجم دەرببڕم: کاکە چێنەر سنگم کەمێك بۆ پێشەوە نەچووە ؟ وتی: خۆت وایت و سنگت لە سنگی وەرزشوانانی ئاسن و لەش جوانی دەکات ....

وتم: فەرموودەتانە لە لاوییدا وەرزشوان بووم و لەتەك یاری فوتبۆڵ دا یاری ئاسنیشم دەکرد. لە ئاوێنەدا لە خۆم وردبوومەوە، قسەکەی ئەوبوو.





سەرنجمدا گەلێك گرنگی بە تەكنیكاری داوە بۆ ئەوەی هەرچی كاریگەری تەمەن لە روخسارمدا نەخشاندویەتی، بەجوانی بینووسێتەوە. حەزمانكرد پەیكەرەكە بە برۆنز دارِێژرێ، بۆ ئەوەی نەك بەتەنها پەیكەرەكەی من نەمر بێ، بەڵكو بەرهەمی هونەرمەندەكەش پارێزراو بێ.

خۆشبەختانە دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی سەركردایەتی (پ.د.ك) سلێمانی فەرمووبویان : شایستەیە بە زێر بۆی بكەین..

ئەوەش ئەنجامدرا، لێرەوە پرۆژەی بەرهەمێكی هونەری بووە، پرۆژەی سەر ئێشە، بەڵام ئەم هونەرمەندە كۆڵی نەدا و بە گەشبینەوە هەنگاوی نا و سوپاس بۆ خوا لە رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ لەسەر خاكی هەولێری پایتەختی كوردستان دانرا و، لەبەردەم ئەو هۆڵەی دەیان شانۆییم لەسەر پێشكەش كردووە و، خودا بۆ خۆی دەزانێ چەندە ئارەقەی شین و مۆرم لەسەر تەختەی ئەو شانۆیە رشتووە.

بەڵام ئەو ساتەی پەردەی لەسەر لابرا، من و كاكە چێنەر بە خۆشییەكەوە لە چاوانی یەكدی و لە هەمانكاتدا لە پەیكەرەكەمان روانی . زمان ناتوانێ باسی بكات، ئەوە زمانێكە تەنها هونەرمەندان لە ساتە گەرمەكانی سەركەوتندا پێی دەدوێن..



## لۆهان دادگاکانی ئەمریکای سەرقاڵ کردووە

سەرەڕای ئەوەی هەمیشــە لە دادگاکانی ئەمریکا بوونی هەیە و هەر جارێك بە تۆمەت و تاوانێك، ئەم جارەیان لۆهان لەســەر شوێنی دانیشتن لەگەڵ ئافرەتێك شەڕی کرد و دوور نییە ئەم شەڕە گرفتی بۆ دروست بکات.

لەم بارەیەوە گۆڤاری (کلۆزیر)ی فەرەنسی رایگەیاند بە هۆی ئەو شەڕەوە لۆهان شەوێکی لە یەکێك لە بەشــەکانی پۆلیســی نیویۆرك بەسەر برد بۆ لێپرســینەوە لە ڕووداوی لێدانی جەستەیی، چونکە بەپێی قسەکانی ئافرەتێك دوای ئەوەی لەگەڵ لۆهان دەبێتە دەمەقاڵێیان لەسەر شوێنی دانیشتن لۆهان خۆی بۆ نەگیراوە و لێیداوە.

ئەم ڕووداوەش دەبێتەوە هۆی ئەوەی کە دووبارە لۆهان دادگا و میدیاکانی ئەمریکا سەرقاڵ بکات بە کێشە و گرفتەکانی خۆیەوە، بەڵام تا ڕاددەیەك جیاوازە، چونکە کێشــەکانی پێشووی پەیوەندی تەنیا بەخۆیەوە هەبوو وەك ســەرپێچی کردن لە یاســاکانی هاتوچۆ و جنێودان بە دایك و باوکی و خواردنی ماددە هۆشبەرەکان و دزی کردن، بەڵام ئەم جارەیان گەیشتۆتە ڕادەی لێدانی کەسانی دیکە.





## ڕێگا بە هاملتۆن نادرێت ئۆتۆمبیل لێبخورێت

دادگای بــاڵای بەریتانیــا بڕیارێکی دەرکرد بە ڕێگا گرتن لە کچە نمایشکاری پێشــووی جلوبەرگــی ئینگلیزی (پاولا هاملتۆن) دوای ئــەوەی بووە هۆی زیان گەیاندن بە موڵك و کشتوکاڵ دراوسێیەکیان بە هۆکاری لێخوڕینــی ئۆتۆمبێل بەبێ هۆشی.

پاولای تەمەن ٥١ ســاڵ لەبەردە دادگا ئامادە بوو دوای ئەوەی بەشــی پێشەوەی ددانەکانــی لــە دەســتدابوو بــە هۆی ئــەو ڕووداوەوە دانی بــەوە نا کە لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل کهولی خواردۆتەوە، بۆیە بە ١٤ مانگ و سزایەکی ماددی و ڕێگا نەدان بە لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لەلایەن دادگاوە ســزا درا، سەرەتا پاولا رایگەیاند کەوا دڵنیا نەبوو کاتی ڕووداوەکە کە ٤ی ســەر لە بەیانی بوو لەنێو ئۆتۆمبیل بووە یان لە دەرەوەی، بەڵام دواتر ناچار بوو دان بە هەڵەکەی بنێت.

## جیسیکا بیل:

خانمە ئەکتەری ئەمریکی جیســیکا بێل لە لێدوانێکی ســەیردا ژیانی هاوسەریی خۆی و جاستین تیمبرلانکی بە ژیانێکی زۆر خۆش و سەرنجڕاکێش وەسف کرد.

جیســیکا دووپاتی کــردەوە کە تا ئێســتا بیرۆکەی ژیانی هاوســەرێتی بە تەواوەتی لە مێشــکیدا نەچەســپاوە و بە ڕواڵەت هیچ لە



## جاستین هۆکاری نەخۆشیی سیلینایە

گۆڤـاری (In Touch) بڵاوی کردەوە کە ئەو نەخۆشـییانەی سـیلینا گۆمیزی گۆرانیبێژ بە دەسـتییەوە دەناڵێنێـت هۆکارەکەی بۆ تێکچوونـی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جاستین بیبر دەگەڕێتەوە.

گۆڤارەکە لەسەرچاوەیەکی نزیك لە گۆمێزەوە رایگەیاند بەم دواییە چارەسەری نەخۆشییەکی قورگی وەرگرتووە، هەروەها بەشـێوەیەکی بەردەوام پێوەندیی ئاڵۆزی لەگەڵ جاسـتین بیبر کاریگەریی سـلبی کردۆتە سەر تەندروسـتیی دەروونی و جەستەیی و ئەمەش بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت.

سەرچاوەکە بە گۆڤاری (In Touch)ی راگەیاند ئەم ساڵ ٣ جار سیلینا چارەسەری وەرگرتووە هەموویشـی هۆکارەکەی بۆ تێکچوونی پێوەندی لەگەڵ جاسـتین دەگەڕێتەوە، سـەرچاوەکە زیاتر گوتی: هیچ شتێك کاریگەریی سلبی لەسەر تەندروستیی سیلینا ناکات تەنیا پێنەگەیشـتنی جاستین و تێکچوونی پێوەندییان نەبێت، هەرچەندە ئێستا گەڕاونەتەوە لای یەکدی، بەڵام هەر کاتێك جاسـتین گەشـتی هەبێت ئەوا دووریـی لێی کاریگەری سلبی بەسەر تەندروستیی دەبێت و هەر کاتێك بیبر خیانەتی لێ نەکات و دڵسۆز بێت بۆی تەندروستی زۆر باشتر دەبێت.

## کاری ئەندروود کەسایەتیی ماریا بەرجەستە دەکات



ئەسـتێرەی مۆسیقای لادێی ئەمریکی کاری ئەندروود بە نیازە رۆڵی پاڵەوانییەتی ببینێت لە شـانۆگەرییەکی نوێدا بەناوی (دەنگی مۆسیقا) کە بڕیار وایە لەسەر شانۆی کانۆ برۆدوای پێشکەش بکرێت و دانەیەکی زیندووی لەسەر تۆڕی ئەمریکی نمایش دەکرێت.

لەم شـانۆگەرییەدا ئەندروود رۆڵی ماریا دەبینێت کە کەسایەتییەکە حەزی دەکرد ببێت بە رەبەن، بەڵام دواتر دەچێتە ماڵی سـەرکردەیەکی هێزی دەریایی نەمسـاوی بە ناوی جۆرج فۆن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان پەروەردە بکات، دواتر خۆی و منداڵەکانی ئەم سەرکردە نازیەش لە دەسـت نازیەکان رادەکات، پێشتریش جۆلی ئەندرۆز رۆڵی ماریای بینی بوو لە فیلمێك کە لە ساڵی ١٩٦٥ بەرهەم هاتبوو و سـیناریۆکە لە چیرۆکێکی راستەقینە وەرگیرابوو، رۆبرت جرینبلات لە بەشـی هەمەرەنگی تۆڕی (ئێن بی سـی) لـەم بارەیەوە گوتی: ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە کەسێکی وەك کاری ئەندروود رۆڵی ماریا ببینێت کە بە ئافرەتێکی گـەورە دادەنرێت و کاریش هونەرمەندێکی بە توانایە.




## جاستین قاپی ماڵەوە دەشوات

ژیانم نەگۆڕاوە، بەڵام هەسـت دەکەم شـتێکی نەبینراو لە ژیانمدا هەیە گۆڕانکاری بەسـەردا هاتووە، جیسیکا ئاماژەی بەوەش کرد کە تا ئێستا ناتوانێت وەك ئافرەتێکی دیکەی ئاسایی وشەی (هاوسەرەکەم) بڵێت و هەست دەکات ئەم وشەیە زۆر نامۆیە لەسەر زمانی، بەڵام جاستین کەسێکی زۆر باشە بۆ من و زۆریش منی خۆشدەوێت و ئێستا ئێمە بە خۆشترین کاتەکانی ژیاندا تێدەپەڕین لەگەڵ یەکدی، جاستین هەمیشـە وا دەکات کە من هەست بە بوونی بکەم و لە ئاسـت هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتییە، جگە لەمە بەردەوام دەگەڕێت بۆ زانینی کەموکوڕیەکانی نێو ماڵ، بۆیە هەمیشە گڵۆپە سووتاوەکانی نێوماڵ دەگۆڕێت و هەڵدەستیت بە شووشتنی قاپە پیسەکانی نێو ماڵ.

## نەجمەی غولامی:

# هیچ یاسایەک نییە پارێزگاری لە بەرهەمی هونەرمەندان و کۆپی نەکردنەوەیان بکات

**ساڵانێکی زۆرە نەجمەی غولامی لە نێو گۆرانی و موزیکی کوردیدا ناوێکی دیارە و لە قۆناغە جیاجیاکاندا خزمەتی بە هونەری کوردی کردووە، لە تەمەنی لاوێتیدا رووی لە شاخ کردووە و بەردەوام بووە لە پێشکەش کردنی کاری هونەری، ئێستاش لە هەندەران لەسەر کاری هونەری خۆی بەردەوامە، لە دەرفەتێکدا ئەم پرسیارانەمان ئاراستەکرد.**



***دوای تەمەنێکی زۆر لە بواری گۆرانی و موزیکدا چۆن بوو رووت لە پێشکەش کردنی بەرنامەی تەلەفزیۆنی کرد؟**

-من کاتێکی بەتاڵم هەبوو بۆیە لە نەورۆز تیڤی داوایان لێکردم کە بەرنامەیەك پێشکەش بکەم، منیش بەباشم زانی لە بوارێکی دیکەدا کار بکەم کە بتوانم لەگەڵ میللەتی کورددا بدوێم و خزمەتێکیان پێشکەش بکەم بەتایبەتی کە جگە لە بواری هونەری و ئەدەبی مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشی تێدا باس دەکرێت و هەست دەکەم بەرنامەکەش بینەرێکی زۆری هەیە، بە گشتی بە کارێکی باشم زانی بۆ بەسەر بردنی ئەو کاتەی لەبەردەستمدایە، چونکە بەرنامەکەش خۆی لە هونەر و ئەدەبەوە دوور نییە.

*** دوای چەندین ساڵ خزمەتکردن لە بواری هونەری هەر لە سەردەمی شاخ و خەباتی پێشمەرگایەتییەوە تاکو بە ئەمڕۆ دەگات پێتوایە مافی نەجمەی غولامی دراوە؟**

- نەخێر من غەدرێکی زۆرم لێکراوە و هەموو میللەتی کوردی شایەدی ئەوەیە بەتایبەتی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هیچم بۆ نەکراوە و هیچ یارمەتییەکیشم نەکراوە لەلایەنی هونەرییەوە، من رێزم بۆ هونەرمەندانی دیکە هەیە، لەوانەیە کەم هونەرمەند هەبێت بە ئەندازەی من سروودی هەبێت، هەموو ژیانم بۆ هونەر تەرخان کرد تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو رووم کردۆتە شاخ و پێشمەرگە بووم و نەمهێشتووە هونەرەکەم بوەستێت تا بە ئەمڕۆش دەگات هەر بەردەوام بووم و گرنگیم بە سروود و ئەو کارەساتانە داوە کە بەسەر میللەتەکەمدا هاتووەو لەخۆشی و ناخۆشی میللەتەکەم بە هونەر بەشداریم هەبووە.

*** ئایا لەم بوارەدا ئەم کارە بە یەکسانی کراوە؟**

- پێموایە بۆ هەندێك کەس کراوە، بەڵام بۆ هەندێکی دیکە نەکراوە ئەمەش بۆ من ناخۆشە، من کاتێك دێمەوە بۆ کوردستان پرسیاری زۆرم ئاراستە دەکرێت سەبارەت بە هاوکاری کردن و بۆ منیش زۆر ناخۆشە کە هەمان وەڵامیان بدەمەوە، من تەنیا باسی خۆم ناکەم زۆر کەسی دیکە هەبوون کە بۆ کوردستان هەوڵیانداوە ئێستا کوردستان ئازادە، بۆیە هیوادارم ئاوڕێك لە من ئەو کەسانە بدرێتەوە کە تەمەنی خۆیان لە پێناو هونەردا بەسەر بردووە.

*** ئەو پێشـــکەوتن و ئازادییەی لە کوردســـتان هەیە بووەتـــە هۆکاری ئەوەی هونەری کوردی پێش بکەوێت؟**

- هونەری کوردی ســـامانێکی نەتەوەییە، بەڵام لە میدیاکان چەواشـــەکاریی هونەری کوردی زۆر دەکرێت، دەبوایە ئێســـتا هونەری کوردی لە ئاستێکی زۆر بەرزتـــردا بوایە، دەبوایە حکومەتی هەرێـــم و زانکۆ و پەیمانگاکان کارێکی زۆر باشتریان لە بواری هونەر ئەنجام بدابایە بەجۆرێك کوردستان بکرابا بە نموونەیەك بۆ وڵاتانی دەوروبەر، بەداخەوە تا ئێستا شتێکی وا نەکراوە، من زۆر هاتوومەتەوە کوردســـتان سەردانی پەیمانگاکانم کردووە ئەو سەرچاوانەی کە هەیانە کۆنن، ئەو کەســـانەی خوێندن تەواو دەکەن شارەزاییان لە موزیکی پارچەکانی دیکەدا نییە، زاراوەکانی کوردی بە باشی ناناسن و کەموکوڕی زۆرە، ناڵێم هەر هیچ نەکراوە، بەڵام ئەو رۆژە سەختانەی کە ئێمە پێیدا تێپەڕین، هەر گۆرانی و موزیك بووە کە ورەی داوەتە خەڵك و پێشمەرگە و مێژوویەکی تۆمار کردووە بۆیە پێویستە ئێمەش وەکو هەموو میللەتان گرنگی بە هونەر بدەین و هەمیشە ببێتە پەیامی ئاشتی و مرۆڤایەتی، هیوادارم لایەنە پەیوەندارەکان بەتایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری گرنگی زیاتر بە هونەر بدەن و هونەری رەســـەن بگەڕێننەوە ســـەر رێڕەوی راستەقینەی خۆی و ئاوڕی زیاتر لەو هونەرمەندانە بدەنەوە کە خزمەتی هونەری راستەقینەی گەلەکەمان دەکەن.

*** لـــە وڵاتە پێشـــکەوتووەکاندا تەنیا حکومەت هەوڵ دەدات بۆ پێشخســـتنی هونـــەری یاخود خودی میللەت و کلتوور و فەرهەنگەکەشـــیان رۆڵی هەبووە لەو پێشکەوتنەدا؟**

- لە راستیدا ئەو هونەرە هەستێکی لەلای خەڵکەکە دروست کرد کە خەڵك هونەر و هونەرمەندانی خۆی خۆشـــبوێت، بۆ نموونە لە وڵاتی سوید هونەرمەندان چەند رێکخراوێکیان دروســـتکردووە مانگانە هەر شوێنێك کە رادیۆی تێدا بێت پێویستە مانگانە بڕێك پارە بدەن ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە مانگانە بەرهەمەکانیان لە رادیۆ پەخش دەکرێت واتە هەموو تاکێکی ســـوید مانگانە پارە دەدات و لە بواری هونەری سەرف دەکرێت، هەروەها دەوڵەتیش بەشێك پارە تەرخان دەکات بۆ کاروباری هونەری، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵك بە هونەر رۆشنبیر دەبێت و هونەر دەتوانێت خزمەتێکی زۆری هەموو بوارەکانی ژیان بکات.

*** زۆر جـــار باس لە پێشـــێل کردنی مافی هونەرمەنـــدان دەکرێت، ئایا تەنیا حکومەت بەرپرســـە لەو پێشێلکارییە یان میللەتیش بەشێکە لەو تاوانەی بەرامبەر بە هونەرمەند ئەنجام دەدرێت؟**

- میللەتیش لەمەدا دەور دەبینێت، بەڵام میدیاکان ودەسەڵات دەبێ ئەو هەستە لای خەڵك دروســـت بکەن، کاتێك لە راگەیانـــدن گرنگی درا بە هونەر و کلتـــوور یان پەرلەمان یاســـایەکی تایبەتی دەرکرد تایبەت بە پاراســـتنی بەرهەمی هونەرمەندان وکۆپـــی نەکردنیان ئەوا خەڵکیش پابەندی دەبێت، بەڵام ئێستا لەو رۆژەی بەرهەمی هونەرمەندان بڵاو دەکرێتەوە هەر هەمان رۆژ لەسەر شەقامەکان کۆپی دەکرێت و بە نرخێکی کەمتر لە بەهای خۆی دەفرۆشرێت و هیچ یاسایەك نییە کە رێگری لەم دیاردەیە بکات، بۆیە دەتوانم بڵێم خەڵکە یاسا دروست دەکات و یاساشە خەڵك دروســـت دەکات، وەزارەتەکان و میدیاکان بە گشـــتی هۆکاری سەرەکیی وشیار کردنەوە وپێگەیاندنی میللەتن، ئەمانە پێویســـتە وردە وردە پاڵپشـــتی هونەر و هونەرمەندانی خۆی بکات و پێشی بخات.

*** نەجمەی غولامی گەیشـــتووەتە ئەو ئاســـتەی کە بە هونەر بڵێ و ناتوانم هیچی دیکە پێشکەش بکەم، یاخود هەگبەی هێشتا تێیدا ماوە؟**

-هەموو شـــتێك کە ســـەرەتای هەبوو کۆتاییشـــی هەیە، بە بڕوای من هەر هونەرمەندێك کە دەنگی نەما یان ئەو فانتازیەی نەما کە کاری هونەری بکات وازبێنێ باشترە بۆ ئەوەی ئەو کارە باشانەی کە پێشتریش کردوویەتی لەبەرچاوی خەڵك نەکەوێت، ســـەبارەت بەخۆم پێموایە هێشتا ئەو هەست و توانایەم ماوە کە بەردەوام بم وشتی نوێ پێشکەش بکەم و بۆ ئاگاداری خوێنەران من بەرهەمێکی نوێم بەدەســـتەوەیە کە زۆربەی تەواو بووە و لە نەورۆزی داهاتوودا پێشکەشـــی دەکەم، دیســـان دووبارەی دەکەمەوە هەموو شـــتێك سەرەتا و کۆتایی هەیە بۆیە پێویستە هونەرمەند لە شوێنێك بوەستێت کە بتوانێت هونەرەکەی خۆی بپارێزێت، مـــن رێزم هەیە بۆ هەندێك هونەرمەند کە دەنگیان کەوتووە یان توانایان نەماوە، ئیتر با هەوڵ نەدەن بەردەوام بن و پێویست ناکات تا ئەو رۆژەی لە ژیاندا مابێت کاری هونەری خۆی بکات.

*** هەندێك لەو هونەرمەندانەی گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە ئیتر وازبێنن بۆ ئەوەی کارەکانی پێشوویان بە زیندوویی بمێنێتەوە لەلای جەماوەر، کەچی دەست دەکەن بە رەخنە گرتن لەهونەرمەندانی دیکە بۆ ئەمانە چی دەڵێیت؟**

-هەر کەسێك رەخنە لە هونەرمەندێك بگرێت نابێت رەخنەکەی رووخێنەر بێت، بەڵکو شـــتێکی بنیاتنەر بێت بۆ پێشخستنی هونەری کوردی، گەنجەکان حەز دەکـــەن گۆرانی بڵێـــن و بڵاوی بکەنەوە، ئەگەر رەخنەشـــیان لێ بگیرێت زۆر ئاساییە، بەڵام با رەخنەی بنیاتنەر بێت و بەشێوەیەکی جوان ئاراستە بکرێن و بـــەم رەخنـــەش خزمەتێك بە هونەری کوردی دەکەن کە ئەمە ئامانجی هەر هونەرمەندێکە.

